




بێرتراند راسڵ

وەرگێڕانی: ئاریان حەسەن

# هۆکارەکانی ململانێی نێوان ئایین و زانست

ئایین و زانست، هەردووکیان دوو ڕووی ژیانی کۆمەڵایەتین. ئایین سەرەتا وەک مێژووی فیکر لەسەر زەویی دەرکەوت، بەڵام گرنگیی زانست لە سەرەتای سەدەی شانزەیەمەوە [لەسەر زەوی] دەرکەوتووە، ئەویش دوای ماوەیەکی پچڕپچڕ کە لە سەدەمی یۆنان و عەرەبەوە دەستی پێکردبوو، بە مەبەستی دروستکردنی ئایدیا و دامەزراوەکان وەک ئەوەی کە ئێستا ئێمە لە سایەیدا دەژین.

ململانێی نێوان ئایین و زانست، ململانێیەکی دوورودرێژە، زانست بە شێوەیەک یاخود چەند شێوەیەک هەتاوەکوو ئەم ساڵانەی دواییش سەرکەوتنی بەدەستهێناوە. سەربارى ئەوەی هەندێک ئایینی نوێ دەرکەوتن وەک [کۆمۆنیزم] لە ڕووسیا و [نازیزم] لە ئەڵمانیا، ئەم ئایینانە لە چالاکییە جیاوازەکانیاندا زانستیان بەکاردەهێنا، بەڵام بە مەبەستی بڵاوکردنەوەی ئایینەکانیان، ئەمانە وەهایان کرد کە بابەتی سەرکەوتنی زانست بەسەر ئاییندا ببێتە کارێکی گوماناوی. سەربارى ئەوەی کە لە سەرەتای دەرکەوتنی سەردەمی زانستەوە ئەو گومانانە بوونیان نەبوو، بەڵام ئەمانە هۆکاری ئەوە بوون کە دووبارە پشکنینێکی مێژوویی بۆ هۆکارەکانی ئەو جەنگانە بکرێت کە ئایینە کۆنەکان دژی مەعریفەی زانستی بەرپایان کردبوو.

زانست هەوڵێکە لە ڕێگەی تێبینیکردن و کارە عەقڵییەکانەوە ئەنجام دەدرێت، بە شێوەیەکی زانستی هەڵدەستێت بە دۆزینەوەی ڕاستییە تایبەتییەکان، پاشان ئەو یاسایانە دەدۆزێتەوە کە پەیوەستن بە یەکترییەوە. خۆشبەختانە زانست لە هەندێک حاڵەتدا بە ئاسانی دەتوانێت پێشبینیی ڕووداوەکانی داهاتوو بکات. تەکنیکی زانستی پەیوەستە بە تێڕوانینە زانستییەکانەوە، ئەو تەکنیکانەش مەعریفەی زانستی بەکاردەهێنن بۆ فەراهەمکردنی ئاسانکاری و هۆکارەکانی خۆشگوزەرانی، کە پێشتر و لە ڕابردوودا بەدەستهێنانیان ئەستەم بوو، یاخود بە لایەنی کەمەوە هەڵسەنگاندنی تێچوونەکانیان لە سەدەکانی ڕابردوودا زۆر بەرز بوو، بە بەراورد بە سەردەمی زانست.

ئەگەر لە ڕەهەندی کۆمەڵایەتییەوە سەیری ئایین بکەین، وەک ئەوەی کە دەیبینین دیاردەیەکی فرە ئاڵۆزە بە بەراورد بە زانست. هەموو ئایینە گەورەکانی مێژوو سێ ڕەهەندیان هەیە ئەوانیش:

* کڵێسا.

* باوەڕ.

* سیستەمێک کە تەحەکوم بە ئەخلاقی تاکەوە دەکات.

گرنگی ڕێژەیی ئەم سێ ڕەگەزە جیاوازییەکی گەورەیان هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو سێ ڕەگەزە جیاوازیی شوێن و کاتیان هەیە. ئایینە کۆنەکانی گریک و ڕۆمان زۆر شتیان لە بارەی ئەخلاقی تاکەوە لە هەگبەدا نەبووە، ئەم بارودۆخەی ئایین بەم شێوەیە بەردەوام بوو تا سەردەمی ڕەواقییەکان، بەڵام ڕەواقییەکان هاتن و ڕەهەندی ئەخلاقیان زیاد کرد بۆ ئەو ئایینانە. لە ئایینەکاندا کڵێسا گرنگییەکی زۆریان نەبوو، بە بەراورد بە پادشاکان یان فەرمانڕەواکانیان.

لە مەزهەبی پرۆتستانتی نوێدا، مەیلێک هەیە بۆ کەمکردنەوەی بیروباوەڕی توندڕەوی ئەو مەزهەبە و سنووردارکردنیان. ئەو سێ ڕەگەزە بە پلەی جیاواز

گرنگن بۆ ئایین، وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی، ئەمە ئەو کارەیە کە گرنگییەکی بنەڕەتیی هەبوو لەو جەنگانەدا کە ئایین دژی زانست بەرپای کردن. پاشان ئایینی تاکەکەس دەتوانن زیاتر بژین بەراورد بە زانست، بەبێ ئەوەی ئەو ئایینە تاکەکەسیانە هیچ شتێک ناشرین بکات، هەتا لەوەش دوور دەکەوێتەوە کە تێوەگلێت لە هەر شتێکدا کە زانست دەتوانێت ڕەتی بکاتەوە.

باوەڕەکان سەرچاوەی فیکریی ئەو ململانێ توندەی نێوان ئایین و زانستن، بەڵام توندوتیژیی ئایین بەرامبەر زانست بە هۆی ئەو لینکەی نێوان باوەڕ و کڵێساکانەوە بوو، پاشان وەک لینکێک کە پەیوەستە بە سیستەمی ئەخلاقەوە. ئەوانەی کە گومانەکانی خۆیان بەرامبەر بە دەسەڵاتی کڵێسا دەردەبڕی، پیاوانی کڵێسا داهاتەکانیان کەم دەکردەوە، سەرباری ئەوە، ئەو باوەڕە دەبوو بە هۆکاری تێکدانی ئەخلاقی ئەوانی تریش، لەبەرئەوە پیاوانی کڵێسا کارە ئەخلاقییەکانی کۆمەڵگایان بە گوێرەی بیروباوەڕ ڕێکدەخست. پاشان فەرمانڕەوا زەمەنییەکان و پیاوانی کڵێسا هەستیان بەوە کرد هەندێک هۆکار هەن کە وەها لە خەڵکی دەکەن فێری شۆڕش بن، ئەو شۆڕش لە لایەن پیاوانی زانستەوە سەرپەرشتی دەکرا.

سەبارەت بە جیهانی مەسیحی، لەوێدا دوو جۆر لەم ململانێیە هەبوو، هەندێکیان جارجار لە تێکستەکانی کتێبی پیرۆدا دەبیران، وەک هەندێک لەو شتانەی کە لە ژیانی ڕۆژانەماندا توشیان دەبین. بۆ نموونە وەک ئەو قسەیە کە دەڵێت: کەروێشکێک کەژی [ئەو کەروێشکەی کە ماڵی نییە و لە دەشت و کێوەکاندا دەژی] خواردنەکەی دەخوات، ئەمە سەلمێنراوە. بەڵام کاتێک کە تێبینییە زانستییەکان ئەم نموونەیە ڕەتبکەنەوە، بە دڵنیاییەوە ئەمە دەبێتە هۆکاری دروستکردنی بارگرانی و گرفت لەبەردەم ئیمانداراکاندا، وەک ئەوەی کە ئەم بارودۆخە بەسەر زۆرێک لە مەسیحییەکاندا هات، بە تایبەتی ئەوانەی کە سەرچاوەی بیرکردنەوەیان دەقەکانی ناو کتێبی پیرۆزە، پێش ئەوەی زانست ناچاریان بکات دەسبەرداری ئەو باوەڕانەیان بن، ئەوان ئاماژە بەوە دەکەن کە وتەکانی ناو کتێبی پیرۆز وەک سروش «وەحی»ن و لای خوداوە هاتوون. بەڵام کاتێک کتێبی پیرۆز هیچ دڵنیابوونەوەیەکی گرنگی ئایینی نییە، ئەوا لەم بارودۆخەدا ئاسانە کە باوەڕدارەکان چاوێک بگێڕنەوە بەسەر ئاییندا، یاخود خۆیان لەوە بەدووربگرن کە بڵێن کتێبی پیرۆز بە تەنها بابەتی ئایینی و ئەخلاقیی تێدایە.

هەرچۆنێک بێت ململانێیەکی قووڵ دروستبوو لەنێوان ئایین و زانستدا، بە تایبەتی ئەو کاتەی کە زانست هەندێک بابەتی گرنگی مەسیحی ڕەتکردەوە و بەرەنگاری هەندێک شت بوویەوە، یاخود بەرەنگاری هەندێک دۆکترینی فەلسەفی بوویەوە کە گوزارشتیان لەوە دەکرد پیاوانی لاهوت گرنگن بۆ فیکری ئایینی ئەرتەدۆکسی. بە شێوەیەکی گشتی ئەو جیاوازییانەی نێوان ئایین و زانست هەر لە یەکەمجارەوە وەک جۆری یەکەمی ململانێ دەرکەوت، بەڵام بە شێوەیەک وردەوردە بوو بە ڕێنماییەک لە چوارچێوەی ئامۆژگارییەکانی ئایینی مەسیحیدا.

لە کاتی ئێستادا، ئیماندارە پیاوەکان و ئیماندارە ژنەکانیش، هەستدەکەن کە زۆرینەی باوەڕەکانی جیهانی

مەسیحی، ئەوانەی کە زۆر باو بوون لە سەدەکانی ناوەڕاستدا پێویست نەبوون، بەڵکوو لە واقیعدا ئەوانە تەگەرە بوون لە بەردەم ژیانی ئاییندا، ئەگەر ئێمە بمانەوێت لەو دوژمنایەتییەی ئایین تێبگەین بۆ زانست، پێویستە ئێمە لە خەیاڵی خۆماندا وێنای ئەوە بکەین کە ئەو سیستەمە فیکرییە وەهای کرد کە ئەو دوژمنایەتیی کردنەی زانست ماقووڵ دەرکەوێت. با گریمانەی ئەوە بکەین ئەگەر پیاوێک پرسیار لە قەشەیەک بکات، بپرسێت چ شتێک وەهای کردووە کە بە دووربیت لە تاوانی کوشتن؟ وەڵامی قەشەکە ئەوەیە (لەبەرئەوەی کە ئازارمان دەدەن). وەها دەردەکەوێت کە وەڵامی قەشەکە قایلکەر نەبێت، ئەویش لەبەر دوو هۆکار: یەکەمیان لەسێدارەدان پێویستی بە بەڵگە هەیە، دووەمیان ئەوەیە کە میتۆدەکانی پۆلیس بە گوێرەی پێویست نەبوون، ئەمە وەهای کرد کە بواری هەڵهاتن بدرێت بە ژمارەیەکی زۆر لە بکوژەکان.

هەرچۆنێک بێت هەتا پێش دەرکەوتنی زانست، وەڵامەکان لە زەینی زۆرینەی خەڵکیدا باوەڕپێهێنەر بوون، خەڵکی باوەڕیان وەهابوو کە کوشتن قەدەغەکراوە لەبەرئەوەی وەسیەتی خودایە و لە شاخی سینا بۆ پێغەمبەر موسا هاتوەتە خوارەوە. پاشان ئەو تاوانبارەی کە لە دادگای زەوی هەڵدێت ناتوانێت لە توڕەیی خودا هەڵبێت، ئەو کەسە سزایەک وەردەگرێت کە زۆر لە لەسێدارەدان ترسناکترە. لەسەر نموونەی ئەم ئارگۆمێنتانە، دەسەڵاتی کتێبی پیرۆزە دامەزراوە. ئەم ئارگۆمێنتانە بە شێوەیەکی تەواوەتی فەراهەم ناکرێت، تەنیا لە حاڵەتێکدا نەبێت کە بە تەواوی کتێبی پیرۆز قبووڵ دەکرێت. لە کاتێکدا کە کتێبی پیرۆز دەڵێت زەوی ناسوڕێتەوە (ناجوڵێت)، ئەوا پێویستە لەسەرمان ئێمە باوەڕ بەم قسەیە بهێنیین، سەرباری ئەوەی کە گالیلۆ ئارگۆمێنێکی لەم بارەیەوە هەیە. گەر ئێمە باوەڕ بەو قسەیەی کتێبی پیرۆز نەکەین ئەوا خەڵکمان لێ هاندەدرێت بۆ ئەوەی بکوژرێین لە لایەن کەسانی خراپەکارەوە. سەرباری ئەوەی لە کاتی ئێستادا کەمینەیەک ئەو ئارگۆمێنانە قبوڵ دەکەن، ناکرێت ئەو ئەرگۆمێنتە گوزارشتێکی پێکەنیناوی و گاڵتە ئامێزی هەبێت، هەروەک ئەوەی کە ئێمە ناتوانین بەرەنگاری ئەو لۆمە و لێدانە ئەخلاقییەی ئەو کەسانە ببینەوە کە هەڵسوکەوتەکانیان لەسەر ئەم ئارگۆمێنتە بنیات ناوە.

ئەو تێڕوانینەی کە لە بیرکردنەوەی ڕۆشنبیرەکانی سەدەکانی ناوەڕاستدا باو بوو، بە لۆژیکی نادیار ناوبانگی دەرکردبوو، بەڵام لە ئێستادا بوونی نەماوە. دەتوانین ئاماژە بە تۆماس ئەکوینی بکەین چونکە ئەو باوەڕی زانستیی خۆی دۆزییەوە، بەرەنگاری ئەو هێرشانە بوویەوە کە کرانە سەری. هێشتا تێڕوانینەکانی ئەم فەیلەسوفە لە کڵێسای ڕۆمانییدا ماوە و هەتا ئەم ڕۆژانەش لەناو دەقەکانی ئەم باوەڕەدا هەر باوی ماوە. هەندێک ڕاستیی جەوهەریی ئایینی مەسیحی هەیە کە دەکرێت بە ڕێگەی بەکارهێنانی عەقڵ بسەلمێنرێت، بە بێ ئەوەی کە پەنا ببرێتە بەر سروش (وەحی) یان هاتنە خوارەوەی ئەو دەقانە. لەناو ئەم دەقانەدا خوڵقێنەرێک هەیە کە دەسەڵاتی بەسەر هەموو شتەکاندا دەشکێت و دلۆڤانییەکی فراوانی هەیە کە هەموو شتێک دەگرێتەوە. لە توانا و دلۆڤانییەکانی ئەودا، ئەوە دەبینرێت کە

هیچ دروستکراوێک پەراوێز نەخراوە و فەرمایشتەکانی فەرامۆش نەکراوە، بە شێوەیەک کە لەنێوان ئەو و دروستکراوەکاندان و پێویستە دروستکراوەکانی گوێڕایەڵی فەرمانەکانی بن. ئەمە بە دوای ئەوەدا هاتووە کە ئەو پەرتووکە پیرۆزە لە لایەن خوداوە هاتوەتەوە خوارەوە، بە شێوەیەکی ئاشکرا هەموو بڕیارەکانی کڵێسا لە کتێبی پیرۆزەوە وەرگیراوە، ئەوەی تر کە ماوە پێویستە ئێمە بیزانین ئەوەیە، ئەو مەعریفەیە دەبێت لە کتێبی پیرۆز و بڕیارەکانی ئەنجومەنی مەسیحییەکانەوە هەڵێنجێنن. ئەم گفتوگۆیانە هەر لە سەرەتاوە تا کۆتایی لەسەر ئەو گریمانە کاردەکات کە پێشتر هەموو دانیشتوانی مەسیحییەکان قبوڵیان کردووە. گەر ئەم ئارگۆمێنتە لە تێڕوانینی خوێنەری سەردەمدا وەک هەڵەیەک دەرکەوتبێت، بەڵام زۆربەی جار زۆرینەیەک لە خەڵکی ڕۆشنبیر لەو کاتەدا ئاگاداری ئەوە نەبوون کە هەڵەکە چی بوو.

دەکرا بوترایە لۆژیک لەناو خۆیدا هێزێکی هەڵگرتووە، ئەو هێزەش برێک لاوازیی لە خۆیدا هەڵگرتووە. هێزەکەی دەگەڕێتەوە بۆ هەموو ئەوانەی کە ڕاستیی یەکێک لە قۆناغەکانی گفتوگۆیان قبوڵکردوە و دواتر دەبێت هەموو قۆناغەکانی تر بە ڕاستی قبوڵ بکرێت. بەڵام لاوازیی لۆژیکی دەگەڕێتەوە بۆ هەموو ئەو هۆکارانەی کە لە هەر قۆناغێکدا تری گفتوگۆدا ڕەتیان کردبێتەوە یان بە لایەنی کەمەوە هەندێک قۆناغ تریان ڕەتکردبێتەوە. پاشان کڵێسا لە ململانێیەکدا دژی زانست دەردەکەوێت، لە هەردوو بواری بەهێزی و لاوازییدا ئەمانەش لەسەر ئەو شێوازەی لۆژیک ڕێکخراون کە بڕوادارەکانی پێ جیادەکرێتەوە.

ئەو شێوازەی کە زانست بەکاریهێناوە بۆ گەیشتن بەو بیروباوەڕانە بە تەواوی جیاوازە لەو شێوازانەی کە لاهوت لە سەدەکانی ناوەڕاستدا بەکاریهێناوە. پاشان ئەو ئەزموونە مەترسیی گشتاندن و دەستپێکردن نیشاندەدات لەگەڵ هەڵێنجانی بنەما گشتییەکانی حاڵەتە تاکەکەسییەکاندا، ئەمانە لەبەر دوو هۆکار بوون، یەکەمیان ئەو بنەما گشتییانە نابن بە ڕاستی، دوومیان لەبەر ئەوەیە بەڵگە عەقڵییەکان لەسەر بنەما گشتییەکان بنیاتراوە و دەکرێت هەڵەبن. پاشان زانست وەها دەرناکەوێت کە بە شێوەیەکی فراوان خۆی

> **لۆژیك لەناو خۆیدا هێزێكی هەڵگرتووە، ئەو هێزەش بڕێك لاوازیی لە خۆیدا هەڵگرتووە. هێزەكەی دەگەڕێتەوە بۆ هەموو ئەوانەی كە ڕاستیی یەكێك لە قۆناغەكانی گفتوگۆیان قبوڵكردوە و دواتر دەبێت هەموو قۆناغەكانی تر بە ڕاستی قبوڵ بكرێت**

بسەپێنێت بەسەر حەقیقەتەکانی تاکەکاتدا، ئەوانەی کە بەهۆی تێبینی و ئەزموونەکانەوە دۆزراونەتەوە. لێرەدا زانستی بنەما گشتییەکان لە ژمارەیەک حەقیقەتی تاک ڕزگاری دەبێت. ئەگەر بنەما گشتییەکە تەواو بوایە ئەوا حەقیقەتەکانی تاک بابەتی توێژینەوەی بوون، دەبوون بە نمونەیەکی ئەبستراکت. زانست بە شێوەیەکی ڕەها لەم بنەما گشتیانە دڵنیا نەبوەتەوە، بەڵام وەها دیارە کە قبووڵی کردوون وەک گریمانەیەکی گونجاو بۆ ئەوەی کاریان لەسەر بکات. لە حاڵەتێکدا گەر ئەم گریمانانە ڕاستبوون ئەوا هەندێک لە دیاردەکان ملکەچی ئەو تێبینیانە نابن، هەتا ئێستا ئەمانە لە چەند بارودۆخێکی دیاریکراودا ڕوویداوە. گەر کەسێک وەهای ببینێت کە ئەمانە ڕوویداوە ئەوا گوزارشت لە ڕاستی ئەو گریمانانە دەکات، ئەگەر ڕووینەدابێت ئەوا پێویستە لەم گریمانانە دورکەوێتەوە و لەبری ئەمانە گریمانەی نوێ دابهێنرێت.

هەرچۆنێک بێت لێرەدا حەقیقەتێکی زۆر نادۆزرێتەوە کە بگونجێت لەگەڵ گریمانەکاندا، بەبێ ئەوەی وەها بکات لەم گریمانانە بێن بە یەقین، ئەگەر لە کۆتایی کارەکەدا وەهای لێ بکات کە ببێت بە کارێکی گریمانەکراو تا سنوورێکی زۆر. ئەوا لەم بارودۆخەدا گریمانەکان دەبن بە تیۆر. دەکرێت ژمارەیەک تیۆر (هەریەک لەمانە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە حەقیقەتەکانەوە پەیدابوون) بێن بە بنەمای گریمانەی نوێ کە زیاتر گشتگیر و هەمەگیر بن، ئەو گریمانانە ئەگەر ڕاست بن ئەوا سەرجەم تیۆرەکان لەسەر ئەو گریمانانە ڕێکدەخرێن و لەسەر ئەو گریمانانە دروستدەکرێن.

لێرەدا پرۆسەیەکی گشتاندن هی سنورێکی نییە. کە بیر لە سەدەکانی ناوەڕاستدا دەکەینەوە ئەوا بنەما گشتییەکان دەبینین کە خاڵی سەرەتایین و پاشان زانست ئەم بنەما گشتیانەی هەیە، کۆتا دەرەنجام ئەوەیە کە ئەمە لە هەر چرکەساتێکدا بێت کۆتاییە. سەرباری ئەوەی کە ئەمانە لە یاسایەکی گشتگیر و فراواندا بەرجەستە دەبن بەڵام لە قۆناغەکانی دواتردا. باوەڕی ئایینی جیاوازە لە تیۆری گشتی، ئایین داوا دەکات کە حەقیقەتی نەمر و یەقین بە شێوەیەکی ڕەها بەرجەستە بکرێت. لە کاتێکدا زانست بێ کۆتاییە بەردەوام لە هەوڵدایە و پێشبینی ئەوە دەکات کە هەموارکردنەوەی تیۆرەکانی ئێستا کارێکی زۆر گرنگە، جا بە شێوەیەکی خێرابێت یاخود هێواش. سەرباری ئەوەی کە لە ڕێگەیەکی تایبەتی خۆیەوە هەست بەوە دەکرێت کە ئایین لە لایەنی لۆژیکییەوە توانای ئەوەی نییە بگات بە هەردوو بەڵگەکە؛ کۆتایی و تەواو. سەرباری ئەوەی کە ئێمە لە زانستە پێشکەوتوەکاندا ئەوە دەدۆزینەوە کە گۆڕانکارییە داواکراوەکان وەک هەمیشە فەراهەم کراون، بە شێوەیەکی کەم بەڵام بە بەرزترین وردبینییەوە. تیۆرە کۆنەکان گونجاون بۆ ئەوەی بە هۆیانەوە بگەین بە دەرئەنجامێکی زۆر نزیک. بەڵام کاتێک هەندێک بارودۆخی وردبینی تێبینییەکان دروست دەبن ئەوا تیۆرە کۆنەکان بە لەکارکەوتوویی دەمێنێتەوە. سەرباری ئەوە داهێنانە تەکنۆلۆژییانەی کە هەن لە تیۆرە کۆنەکانەوە فەراهەم کراون و بەوپەڕی باشییەوە تاڕادەیەک وەک جۆرێک لە حەقیقەتی زانستی دەمێننەوە.

پاشان ئەوە بەرچاو دەکەوێت کە زانست هاندەری ئەوەیە کە دەستبەرداری گەڕان ببین بە دوای حەقیقەتی

ڕەهادا، دواتر بەوەی کە پێی دەگوترێت حەقیقەتی تەکنۆلۆژیای گەشەکردوو، جێگای حەقیقەتی ڕەها، یاخود بەو تیۆریانە بگرێتەوە کە بە سەرکەوتوویی لە داهێنانەکان بەکاردەهێنرێن یاخود ئەو تیۆرانەی کە لە پێشبینییەکانی داهاتوودا بەکاردەهێنرێن، ئەمانە لەو تیۆرییانەوە سەرچاوە دەگرن کە دەکرێت ژمارەیەکی کەمیان لەو داهێنان و پێشبینییانەوە سەرچاوەیان گرتبێت کە لەسەر مەعریفە وەستاون، ئەمانە وەها دەکەن کە مرۆڤ ببێت بە ئەدایەکی پرۆسەکە لەناو گرفتەکەدا یاخود لە چارەسەرەکەیدا. بەڵام لەناو ئەو جوڵانەدا شێوازێکی زانستیی ناڕوون هەیە، ئەمە بۆ خۆی بووە بە گرفت لەبەردەم زاناکاندا، بە تایبەتی ئەوانەی کە هەموو هەوڵەکانیان بەرهەمهێنانی شێوازێکی نوێیە بۆ دۆزینەوەی حەقیقەت، بەردەوام بە شێوەیەکی ڕەها سەیری حەقیقەت دەکەن، هەر لەبەر ئەوەیە کە لاهوتییەکان بە کردار بەرهەڵستکارییان دەکەن.

لێرەدا جیاوازییەک هەیە لەنێوان تیۆریای سەدەکانی ناوەڕاست و تیۆریا زانستیەکانی سەردەمی ئێستا، بە تایبەتی ئەوەی کە پەیوەستە بە دەسەڵاتەوە پێویستە بگەڕێینەوە بۆیان. سەبارەت بە زاناکانی لاهوتی سەدەکانی ناوەڕاست، کتێبی پیرۆز و بیروباوەڕەکانی کاتۆلیک و ڕێنماییەکانی ئەرستۆ (ئەمانە سەرچاوەی دەستەڵاتەکەیان بوون، لە هەمان کاتدا سەرچاوەی گەیشتن بوو بە باوەڕ) بنەڕەتی دەسەڵاتەکەیان بوو، چونکە کارەکان گومان قبوڵ ناکات. فیکری ڕەسەن و نوێ تیشکیان خستۆتە سەر گەڕان بە دوای حەقیقەتەکاندا، بەڵام ئەو گەڕانە فیکریانە نەدەبوو ئەو سنورانە تێپەڕێنن کە کتێبی پیرۆز و بیروباوەڕی کاتۆلیک و ڕێنماییەکانی ئەرستۆ دیاریکردبوون، بەڵام ئەو گەڕانانە ڕەنگدانەوەیەکی ئازایانەی هەبوو، ئەمانە وەڵامی ئەم جۆرە پرسیارکردنەیان دیاریکرد: ئایا مرۆڤ هەیە لە دەرەوەی زەوی؟ ئایا هەسارەی موشتەری دوای سوڕانەی هەسارەی زەوی دەکەوێت؟ ئایا دەکرێت جەستەکان نەمێنن بە تێکڕایەک کە بگونجێت لەگەڵ کۆمەڵدا؟ و ...هتد. تەواوی ئەم پرسیارانە ناتوانن ئەو تێبینیانە دیاری بکەن، بەڵکو هەمان ئەو گەڕانانەن کە ئەرستۆ و کتێبی پیرۆز بە دوایدا دەگەڕان. ئەو ململانێیەی کە لەنێوان لاهوت و زانستدا دروست بوو، لە ڕاستیدا ململانێیەک بوو لەنێوان سەرچاوە کۆنەکان و تێبینیی زانایاندا، بەڵام زانایان هەرگیز داوای ئەوەیان نەدەکرد کە باوەڕ بە دروستیی ئەو تیۆریانە بهێنن کە پشت ئەستورن بە دەسەڵاتێکی گرنگ. بە پێچەوانەوە ئەو زانایانە پشتیان بەستبوو بە بینینی هەستەکان و پاشان چوونەتە ناو ئیمانەوە، ئەو مەزهەبانەی کە بینراون ئەوانە پشتیان بە حەقیقەتێکی ئاشکرا و ڕوون بەستوە، بەرامبەر هەموو ئەوانەی کە پەیوەستن بە تێبینکردنێکی گونجاوەوە. ڕێگای نوێ سەرکەوتنێکی تیۆری و پراکتیکی گەورەی بەدەستهێنا، ئەو سەرکەوتنە لاهوتییەکانی ناچارکرد کە وردەوردە خۆیان لەگەڵ زانستدا بگونجێنن. لەبەرئەوە تەفسیری تێکستەکانی کتێبی پیرۆز هیچ بەرکەوتنێکی لەگەڵ زانستدا نەبوو، بە تایبەتی لەسەر ئاستی شتە ڕەمزییەکاندا. دواتر مەزهەبی پرۆتستانت هەستا بە گواستنەوەی سەنتەری دەسەڵاتی ئایین لە کەنیسەوە بۆ کتێبی پیرۆز، دواتر تیشکی خستە سەر ڕۆحی تاک. پاشان بە هێواشی

ئاییـن هەسـتی بـەوە کـرد کـە ژیـانی ئایینـی پشـتی بـە حەقیقـەتی ژیـان وەک بـوونی ئـادەم و حـەوا نەبەسـتووە، بـەم شـێوەیە ئاییـن دەسـتبەرداری ژێرخانـە دەرەکییەکـەی بـوو، بـۆ ئـەوەی پارێـزگاری لـە پێگەکـەی خـۆی بـکات و هەروەهـا پتـەوی بـکات، پاشـان ئـەوە ڕوونـە کـە ئاییـن لـەو بابەتـەدا سـەرکەوت یاخـود سـەرنەکەوت.

هەرچۆنێـک بێـت لێـرەدا وێنەیـەک لـە وێنـەکانی ژیـانی ئایینـی هەیـە، پاشـان ئـەو وێنەیـە خواسـتی لەسـەر هەیـە، بـە بـەراورد بـە وێنەکـەی دیکـە... ئـەم وێنایـە بەشـێوەیەکی سـەربەخۆ دەمێنێتـەوە هـەروەک ئـەوەی کـە زانسـت لـە دۆزینەوەکانـدا بەدەسـتی هێنـاوە. ئەمـە ئـەو ڕووەی ئایینـە کـە دەبێـت بـە بەردەوامـی بنووسرێتـەوە بەبـێ لەبەرچاوگرتنـی ئـەوەی کـە ئایا ئێمـە باوەڕمـان بـە سروشـتی بوونەکـەی هەیـە یـان نـا. پاشـان ئاییـن پەیوەسـتە بـە ژیـانی تایبەتـەوە، ئیمانـدارەکان هەسـت بـە گرنگییەکـەی دەکـەن نـەک تەنهـا لەبـەر باوەڕەکـەی یاخـود لەبـەر کڵێسـا. ئێمـە لـە باشـترین قەشـە و سـۆفیدا ئـەوە دەبینیـن کـە تێکەڵەیەکـن لـە ئیـمان، لـە هەندێـک تایبەتمەندیـی ئایینییـدا، لەگـەڵ هەندێـک هەسـتی دیاریکـراوی مەبەسـتداردا کـە پەیوەسـتن بـە ژیـانی مرۆڤایەتییـەوە. پاشـان مـرۆڤ بـە قووڵـی هەسـت بـە گرفتـەکانی داهاتـووی مرۆڤایـەتی دەکات و پاشـان ئـارەزووی کەمکردنـەوەی مەترسییەکانی سـەر مـرۆڤ و سـزاکان دەکات، پاشـان بیـر لـەوە دەکەنـەوە لـە داهاتـوودا ئومێدێـک بەدەسـتبهێنێت کـە باشـترین توانـای جـۆری مرۆیـی لەخۆبگرێـت، ئەمـە لـە ئێسـتادا تیۆرییەکـی ئایینـە هەتـا ئەگـەر باوەڕیـشی بـە ئایینـی مەسـیحی کـۆن نەبێـت. هەرچەنـدە ئاییـن لـە ڕێگـەی هەسـتەوە ڕزگاری بـووە، بـەڵام لـەو کۆمەڵـە بـاوەڕە ڕزگاری نەبـووە، کـە زانسـت ناتوانێـت بەریـان بکەوێـت یاخـود دەسـتی لـێ بـدات.

لەگـەڵ هەڵکشـانی زانسـتدا، زانسـت بـە هێـواشی تایبەتمەندییـە ئایینییـەکانی لەناوبـرد، بـە شـێوەیەکی کاتی دەکرێـت ئـەم ڕێگەیـە لـە هەسـتدا خێرابکرێـت، بـەڵام کارێکـی گـران و سـەختە بـە هـۆی ئـەو پەیوەسـتبوونە بـە بـاوەڕەی لاهوتییـەوە. بـەڵام ئـەم بارگرانییانـە بـۆ هەمیشـە بـەردەوام نابێـت، لـە واقیعـدا زۆرێـک لـە مرۆڤـی فیکـر ئـازاد دەکەوتـن لـە ژیـانی خۆیانـدا، ئەمانـە نموونـەی ئـەو ڕێگەیـەن لـە هەسـتدا کـە بـە شـێوەیەکی تونـد پەیوەسـت نیـن بـە باوەڕەکانـەوە. لێـرەدا ئیمتیازێکـی ڕاستەقینە نییـە کـە بـە شـێوەیەک نزیکبێـت یـان پێویسـتی بـە ئـەو باوەڕانـە هەبێـت کـە هیـچ بنەمایەکـی دروسـتیان نییـە، ناکرێـت ئەمانـە بـبن بـە کارێکـی پێویسـت بـۆ پارێزگاریکـردن لـەو شـتانەی کـە بـە تێڕوانینـی ئایینـی شـتێکی باشـن. ئەگـەر ئێمـە بـە ئاڕاسـتەی جیاوازییەکانـدا بیرمـان بکردایەتـەوە، ئـەوا لـەوە دەترسـاین کـە دەیدۆزینـەوە، بـەڵام ئـەم کارە وەک گرفتێـک لەبـەردەم هەوڵەکانمانـدا دەمێنێتـەوە، بـە تایبـەتی لـەو کاتـەدا کـە دەمانەوێـت لـە جیهـان تێبگەیـن، هەتاوەکـو ئـەو توانایـەی کـە پێـی گەیشـتوین لـە حوکمـی ڕاستەقینەدا، دەکرێـت ئەمانـە تەنهـا بەشـێک بـن لـەو تێگەیشـتنەی کـە بـە ودەسـتمان هێنـاوە.

**سەرچاوە:**


الدين والعلم تأليف برتراند راسل

# نوێترین بڵاوکراوەی

# دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە




www.ideafoundation.co
2018idea@gmail.com
www.facebook.com/dezgai.idea

سلێمانی - گردی سەرچنار- نزیک کۆمەڵگەی بەهاران
07705996990 - 0533220180